Digitally signed by www.kurdistannet.org
cn=www.kurdistannet.org, o=Kurdistan Net, c=US
Date: 2002.09.01 13:21:35 +01'00'
Reason: <none>
Kurdistan Net Neti Hemwane

# فیشەک و وشە

حەمەسەعید حەسەن

من نە یەک فیشەکم بەرەو ڕووی دوژمنانی کورد تەقاندووە، نە گوللەیەکم ئاڕاستەی سنگی هیچ کوردێک کردووە، بەڵام چەکدارانی ینک هێندەی فیشەکیان بە کوردەوە ناوە، نیو هێندەیان بە دوژمنی کوردەوە نەناوە. من ئامارێکی جێی متمانەم لەبەر دەستدا نییە، لێ بەو پەڕی دڵنیاییەوە دەڵێم: ینک هێندەی کوردی کوشتووە و کوردی بە کوشت داوە، نیو هێندەی لە دوژمنی کورد نەکوشتووە.

من لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزمدا بۆ هەر تنۆکە خوێنێکی هەر پێشمەرگەیەک، لە هەر سەنگەرێکدا ڕژا بێ، دەڵێم: شۆڕشەکانی کورد، بە درێژایی سەدەی ڕابردوو، یان بە نسکۆ کۆتاییان هاتووە، یان بە ناپاکیکردنی ڕێبەرانی. ئەو هەوای ئازادییەشی کە دە ساڵێکە کورد هەڵیدەمژێت، بەری ڕاپەڕین و کۆڕەو، بەری خەباتی خەڵکی سڤیلی کوردستانە، نەک ئەنجامی تێکۆشانی ئەو چەکدارانەی تا گوللەیەکیان بە داگیرکەرەوە دەنا، (دە)یان بە کوردەوە دەنا .

من بە ناوی خۆمەوە ڕەخنە لە خودی محەمەدی پەیامبەری ئیسلام  کە یەک ملیار هەواداری هەیە، دەگرم، ئەمە وێڕای ڕەخنە لە بەعس و ینک و پدک گرتن، کەچی کەسانی سەر بە ینک، چونکە لە خاوێنیی دیرۆکیان بە گومانن، زات ناکەن، بە ناوی ڕاستەقینەی خۆیانەوە ڕەخنە لە منێک بگرن، کە بێجگە لە چەکی وشە، هیچی چەکێکی دیکە شک نابەم.

دە ساڵێک بەر لە ئێستا لە باکووری **ئەورووپا**، لە کۆڕێکدا (تێکۆشەرێکی) **کوردستانی**، هەڵسا و گوتی: (ئەوی ڕەخنە لە حیزبمان بگرێت، چاوی دەردەهێنم.) منیش کە میکرۆفۆنەکەم لەبەر دەمدا بوو، لێم پرسی: (بەنجی دەکەی، یان بێ بەنج چاوی دەردەهێنی؟) من ئەوەم بە مافی ڕەوای وی دەزانی، کە چاو دەربهێنێ، لێ ناکۆکیمان لەسەر ئەوە بوو، چاودەرهێنان بێ بەنجکردن، دەبێ چەند بە ئازار بێت!

بیست و قسوور ڕۆژێک لەمەوبەر کەسێکی دیکەی سەر بە ینک بە بێ حوزووری من گوتبووی: (قەڵەمەکەی حەمەسەعید حەسەن دەشکێنم.) بەو قەڵەمشکێنە دەبێژم: لە مێژە قەڵەمم داناوە، دەمێکە بە کۆمپیوتەر دەنووسم.

2002. 09. 01